

## Contra Bass

ووشه ی(Contra Bass) كه زۆر جاریش به ووشه‌ی(Bass)
ناو ده‌برێت،ناوی یه‌كێكه له گه‌وره‌ترین ئنسترومێنتی موزیكیی
له خێزانی ئنسترومێنتی ( ڤایۆلین ) ، وه له زمانی كوردیشدا
به‌ناوی ( كۆنته‌رباس ) ده‌ناسرێت . به پێی سه‌رچاوه مێژووییه‌كان
بیرۆكه‌ی درووست كردنی ئه‌م ئنسترومێنته موزیكییه له ئنسترومێنتی
موزیكیی كۆنی ( ڤیۆلاداگامبا ) وه‌رگیراوه . (كۆنته‌رباس ) قه‌باره‌یه‌كی
زۆر گه‌وره‌ی هه‌یه‌و درێژییه‌كه‌ی ده‌گاته نزیكه‌ی دوو مه‌تر،وه له سندوقێكی
ده‌نگیی گه‌وره پێكدێت و چوارژێ ی هه‌یه كه ناوی ژێكانی بریتیین له
( می ، لا ، رێ ، سۆڵ ) ،وه به‌گشتی سروشتی ده‌نگیی ئه‌م ئنسترومێنته
زیاتر له ده‌نگه گڕه‌كاندا ده‌بینرێته‌وه ، وه به‌رده‌وام له نوسینی نۆته‌دا بۆی
كلیلی موزیكیی ( فا ) یا ( باس ) به‌كاردێت ، وه به‌رده‌وام ئه‌و ده‌نگانه‌ی
كه له‌م ئنسترومێنته‌وه ده‌بیسترێن ، هه‌شت پله‌ی ده‌نگیی گڕتره له‌و ده‌نگه‌ی
كه له نۆتاندندا بۆی ده‌نوسرێت ، وه مه‌ودای ئاسایی ده‌نگیی ئه‌م ئنسترومێنته
ده‌گاته نزیكه‌ی دوو ئۆكتاڤ یا دوو هه‌شت ده‌نگی، وه زۆر جار تواناوسه‌لیقه‌ی

ژەنیاری ئەم ئنسترومێنتە ئەو سنورەی مەودای دەنگی ئنسترمێنتەکەدەبڕێت و
هەندێک دەنگی زیاتر دەژەنێت . ( کۆنتەرباس ) جگە لەوەی کە یەکێکە لە
ئنسترومێنتە موزیکییە سەرەکییەکان لە ئۆرکسترای سیمفۆنیدا، لەهەمان
کاتدا لە شێوازی موزیکی ( جاز ) دا ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت .

Muzic-Chrakan
2005